CFS

Center for Future Studies

# ناوچە جێناکۆکەکان دوای ڕیفراندۆمی سەربەخۆیی هەرێمی کوردستان

## پۆلیسی پەیپەری (١)

سەنتەری لێکۆڵینەوەی ئایندەیی

سلێمانی
٣٠ / ئەیلول / ٢٠١٧

# پێڕست

پۆلیسی پەیپەری (١) ........................................ 0
دەستپێک ........................................ 2
یەکەم: کاردانەوەکانی ڕیفراندۆم لەسەر پێکەوەژیان لە کەرکوکدا ........................................ 2
دووەم: ڕیفراندۆم و کاردانەوەکانی عێراق ........................................ 3
سێیەم: دۆخی ئەمنی کەرکوك دوای ریفراندۆم ........................................ 4
چوارەم: ڕیفراندۆم و هەڵوێستی تورکیا ........................................ 5
پێنجەم: ڕیفراندۆم و هەڵوێستی ئێران ........................................ 7
پەرلەمانی ئێران ........................................ 7
ئەکادیمیستە سیاسیەکان، دیدێکی جیاواز ........................................ 8
ترس لە ئیسرائیلی دووەم ........................................ 8
پەیوەندیەکی بەهێزی ئابوری و سنورێکی سەخت ........................................ 8
ئەنجام و پێشهاتەکان ........................................ 9

## دەستپێک

ئاشکرایە لەدوای ئەنجامدانی ڕیفراندۆمی سەربەخۆیی هەرێمی کوردستان لە ٢٥ ی ئەیلولی ٢٠١٧ و ئەوئەنجامەی لێکەوتەوە کە تیایدا زیاتر لە (٩٢%)ی دەنگدەرانی کوردستان دەنگیان بە (بەڵێ بۆ سەربەخۆیی هەرێمی کوردستان) دا، چیتر هەرێمی کوردستان بە پێوەرەکانی پێش ڕیفراندۆم مامەڵە لەگەڵ ئەو ناوچانە ناکات کە لە دوای ٢٠٠٣ وە لە هەردوو دەستوری کاتی (٢٠٠٤) و دەستوری هەمیشەیی (٢٠٠٥) ی عێراقدا بە (ناوچە جێناکۆکەکان) ناسراون. بەڵام دیارە ناوچە جێناکۆکەکان هەر تەنیا لە حیساباتی سیاسی و ئابوری عێراقدا جێی بایەخ نیین، بەڵکو هەندێک لەم ناوچانە (وەک کەرکوک) لە حیساباتی جیۆستراتیژی و ئەمنی باڵای هەندێک هێزی ئیقلیمی ناوچەکەشدا (وەک ئێران و تورکیا) گرنگی و بایەخی زۆریان هەیە. ئەمە جگە لەوەی کە سروشتی فرەیی ئەم ناوچانە خۆیان لە ڕووی ئیسنی و ئاینی و مەزهەبیەوە کردوونی بە جێی بایەخی چەندین پێکهاتەی ئیتنی و ئاینی و مەزهەبی جیاجیا لە کوردستان وعیراق و ناوچەکەدا.

لەبەرئەمە، بەڕەچاوکردنی هەموو ئەم ڕەهەندانەی سەرەوە، ئەنجامدانی ڕیفراندۆم و ئەنجامە بەدەست هاتووەکانی، کاردانەوەی فرەئاستی لەسەر ناوچە جێناکۆکەکان دەبێت، هەروەک سەرچاوەی کاردانەوەی گەورە و کاریگەریش دەبێت لەلایەن هەریەک لە: پێکهاتە نیشتەجێکانی ئەو ناوچانە خۆی (کورد و تورکمان و عەرەب)، عێراق بە سەرجەم لایەنە سیاسیە فەرمی و نافەرمیەکانیەوە، ئێران و  تورکیا، بەپلەی یەکەمیش هەرێمی کوردستان.

ئەم پۆلیسی پەیپەرە دەخوازێت تێگەیشتنێک لەسەر کاردانەوەی هەریەک لەو ئاستانە بخاتە ڕوو لەڕێگای ئەم تەوەرانەی خوارەوە.

## یەکەم: کاردانەوەکانی ڕیفراندۆم لەسەر پێکەوەژیان لە کەرکوکدا

ڕیفراندۆمەکەی هەرێمی کوردستان پێش و پاش ئەنجامدانی کۆمەڵێک کاردانەوەی لای هێزە سیاسیەکانی عێراق و هێزە سیاسیە ناوخۆییەکان (تورکمان و عەرەب) دروستکردوە. گرفتی سەرەکی ئەم ڕیفراندۆمە بە بۆچونی ئەوان ئەوەیە کە نادەستوریە و یەکلایەنەیە. گرفتی نادەستوریبون بە زەقی لە لێدوانی سیاسیەکاندا، بە تورکمان و عەرەبەوە، دەبیندرێت. ئەوان پێیانوایە کە لە دەستوردا ئەو بوارانەی کە ڕیفراندۆمی لەسەر ئەنجامدەدرێت دیاریکراوان و لە ناویاندا ڕیفراندۆمی سەربەخۆیی هەرێمی کوردستانی تێدا نیە. بە بۆچونی ئەوان، نەک هەر ناکرێت ڕیفراندۆم لەو ناوچانەی کە بە جێناکۆک ناسراون سازبکرێت، بەڵکو ئەنجامدانی لە سنوری پێش ٢٠٠٣ ی هەرێمی کوردستانیشدا نادەستوریە. ئەم هەڵوێستانەشیان بەفەرمی لە پێش و پاش ڕیفراندۆم دەربڕیوە لە دانیشتنەکانی پەرلەمانی عێراقدا و لە ڕێی سکاڵاکردن لە نادەستوریبونی هەنگاوەکانی هەرێمی کوردستان لە دادگای فیدراڵی و هەڵوێستی دادگاکە بە وەستاندنی ڕیفراندۆم تا یەکلاییبونەوەی حوکم لەسەری[1].کاردانەوەکانی سەرۆک وەزیرانی عێراق لە هەمبەر ئەو پرسە بە تایبەت لە ڕۆژانی ٢٥ و ٢٦ی ئەیلول و هەڵوێستی توندی سیاسیەکان و هەوڵدانیان بۆ قوڵکردنەوەی شەقارەکانی نێوان هەرێمی کوردستان ودەوڵەتی فیدراڵی عێراقیش بە ڕوونی پێمان دەڵێن کە ڕیفراندۆمەکەی هەرێمی کوردستان چەند پێکهاتەکانی تری بێزارکردوە. ئەوەی گرفتەکەی ئاڵۆزترکردوە ئەوەیە کە لە ناوچە جێناکۆکەکان ڕیفراندۆم ئەنجامدرا. ئاشکراشە کە ناوچە جێناکۆکەکان گرفتێکی گەورەن هەم لە نێوان دەوڵەتاندا وەک (ئابیێ) لە نێوان سودان و سودانی باشور و (بادمێ) لە نێوان ئەسیوپیا و ئەریتریا و (دورگەی ئەبو موسا) لە نێوان ئێران و ئیماراتدا، هەم لەناو دەوڵەتێکیشدا وەک (برچکۆ) لە دەوڵەتی بۆسنە و (بێلگۆم) لە هندستان. ئەم ناوچانە بەهۆی بوونی پێکهاتە جیاوازەکان یان بەهۆی

[1] وێنەیەک لە بڕیارەکەی دادگای فیدراڵی بەردەستە.

بوونی سەرچاوە دەگمەنەکانەوە چاوگی ناکۆکی و ململانێی گەورەی نێوان لایەنەکانن.

گرفتی دووەمی سیاسیەکانی عەرەب و تورکمان ئەوەیە کە دەڵێن ئەم ریفراندۆمە یەکلایەنانە بە فەرمانێکی بارزانی و بە پشتڕاستکردنەوەی پەرلەمانی کوردستان کراوە. سیاسیەکانی عەرەب و تورکمان دەڵێن کە ئەوان هیچ پرسێکیان پێنەکراوە لە ئەنجامدانی ریفراندۆمدا بە تایبەت لە ناوچە جێناکۆکەکاندا. لە واقیعدا، بۆچونەکەی ئەوان دروستە و ئەم ریفراندۆمەی هەرێمی کوردستان یەکلایەنانە ئەنجامدراوە، بەڵام گرفتی سەرەکی ئەوەیە کە ئەگەر هەرێمی کوردستان بیویستایە پرسی ریفراندۆم یەکلایەنانە نەبێت و تورکمان و عەرەبەکانی ناوچە جێناکۆکەکانی بکردایە بە لایەنێکی گفتوگۆکانی، ئایا ئەوان ڕازیدەبون؟ وەڵامی ئەم پرسیارە تا ڕادەیەک ڕوونە، ئەویش ئەوەیە کە ئەگەرێکی زۆر کەمی هەبوو تورکمان و عەرەب بە دانوستان لەسەر ریفراندۆم ڕازیبونایە، نەک تەنها لە ناوچە جێناکۆکەکان، بەڵکو لە هەرێمی کوردستانیشدا، چونکە ئەم ریفراندۆمەی هەرێم لەسەر پرسی جیابونەوە بوو لە عێراق و هەوڵێکە بۆ دروستکردنی دەوڵەتێکی کوردستانی. لە لایەکی تریشەوە، هەرێمی کوردستان دەسەڵاتی سەربازی هەیە بەسەر ئەو ناوچە جێناکۆکانەدا و تەنانەت بەناوچەی جێناکۆکیشیان نازانێت، بەڵکو بە پێی بڕیاری ٢٦ی سەرۆکایەتی هەرێمی کوردستانی ٢٠١٢/١٢/١٢ ئەو ناوچانە بە 'ناوچە کوردستانیەکان لە دەرەوەی هەرێم' ناوزەدکران. گرفتی سەرەکی لە ریفراندۆمی یەکلایەنەدا ئەوەیە کە بۆ لایەنی بەرامبەر وەک سەپاندن دەبینرێت و وێنا دەکرێت و ئەمەش شڵەژانێکی سیاسی دروست دەکات لەبری سەقامگیریی سیاسی. سەرکەوتن و بەرقەراربون و دانان بە دەرنجامی ریفراندۆمی یەکلایەنانە زۆر زەحمەتە مەگەر لە ڕێی سەپاندنی ئەمری واقیعەوە، بەڵام ئەم سەپاندنەش باج و تێچونی خۆی هەیە.

لە ڕاستیدا، مامەڵەکردنی کورد لەگەڵ گرفتی یەکەم کە نادەستوریبونی ریفراندۆمە تا ڕادیەک ئاسانترە لە گرفتی دووەم کە تاکلایەنانە ئەنجامدانی ریفراندۆمە. دەستوریبون یان نادەستوریبونی زۆرێک لە بابەتە هەڵپەسێراو و گرفتاویەکانی نێوان هەولێر و بەغداد یەکلاییبونەوەیان پەیوەندی بە تەوافوقی حیزبە سیاسیە باڵادەستەکانی عێراق و هەرێمەوە هەیە. هەریەک لەم لایەنانەش تەفسیری سەربەخۆی خۆی دەکات بۆ ئەو بەندە دەستوریانەی کە ئەم بابەتە هەڵپەسێراوانە لە خۆیان دەگرن. بۆ نمونە هەرێمی کوردستان تەفسیرێکی تایبەتی هەیە بۆ ئەو مادە دەستوریانەی باسی نەوت و کانزاکان دەکەن، کەچی حکومەتی عێراقی هەمان ئەو مادانە بە تەفسیرێکی جیاواز تەبەنی دەکەن.

لە بابەتی ریفراندۆمیشدا، ئەگەر بە وورد‌ی سەیری بڕیارەکەی دادگای فیدراڵی بکەین ئەوە ڕووندەبێتەوە کە دادگاکە بڕیاری ئەوەی نەداوە کە ریفراندۆمەکە نادەستوریە بەڵکو تەنها داوای ئەوەی کردوە کە ریفراندۆمەکە بوەستێنرێت تا ئەو کاتەی ئەندامانی دادگاکە دەگەنە بڕیارێک. تەنانەت لە بڕیارەکەدا هاتوە کە یەکێک لە دادوەرەکان داوایکردوە کە ریفراندۆم تەنها لە دەشتی نەینەوا ئەنجام نەدرێت. ئەم بەڵگانە پێماندەلێن کە تەنانەت دادگای فیدراڵیش نەیتوانیوە بڕیار لە نادەستوریبونی ریفراندۆم بدات بەڵکو یەکێک لە دادوەرەکان بە دەستوری دەزانێت، تەنها لە دەشتی نەینەوا نەبێت. گرفتی سەرەکی کە ڕەنگە سەقامگیریی سیاسی دوای ریفراندۆم تێکبدات یەکلایەنانە ئەنجامدانی ریفراندۆمەکەی هەرێمی کوردستانە. لە کاردانەوەیەکی ئەرشەد ساڵحی (سەرۆکی بەرەی تورکمانی) لە دوای ئەنجامدانی ریفراندۆمەوە ڕایگەیاند کە ئەگەر حکومەتی عێراق نەتوانێت ئیجرائاتی کرداری هەبێت دژی هەرێمی کوردستان و دەسەڵاتی خۆی نەسەپێنێت لە هەرێمدا، ئەوا ئەوان لە لایەنی خۆیانەوە هەڵدەستن بە ئیجرائاتی تایبەت بە خۆیان لە پێناوی بەرگریکردن لە خۆیان وەک تورکمان.

## دووەم: ریفراندۆم و کاردانەوەکانی عێراق

هەرچەندە هەڵوێستی دامەزراوە فەرمیەکانی عێراق بەرامبەر ئەنجامدانی ریفراندۆم تا دێت توندتر دەبێت، بەڵام تا ئێستا سەرجەم ئەو ئامرازانەی کە بەغداد گرتویەتەبەر، لە ئامرازەکانی (هێزی نەرمن- soft power)، وەک ڕاگەیاندنی

نارەزایی لەلایەن پەرلەمان وحکومەتی عێراقی و لەقەڵەمدانی بەرپرسانی هەرێم بە سەرپێچیکار و ناساندنی ریفراندۆم و ئەنجامەکانی بەکاری نادەستوری و پەنابردن بۆ سکاڵاکردن لەسەر ئەم نادەستوریبوونە لەلای دادگای فیدراڵی و بریاردان لەسەر بەکارهینانی هێزی سەربازی. دەکرێت ئەم کاردانەوانەی عێراق بە خستنەکاری ئامرازە نەرمەکان نیشانەی لاوازی کرداریی عێراق بن لە گرتەبەری ئامرازە ڕەقەکان (هێزی توندوتیژی) بەرامبەر بە هەرێمی کوردستان. دەشکرێت پێشخستنی ئامرازی نەرم پێش زەمینەسازی بێت بۆ جوڵاندنی هێزی سەربازی و بەکارهێنانی توندوتیژی لە داهاتوودا.

بەگشتی کاردانەوە زارەکیە توندەکانی لایەنە فەرمی و نافەرمیەکانی عێراق بەرامبەر ڕیفراندۆم هەرگیز دابڕاو نییە لە کەشی ئامادەکاریی بۆ هەڵبژاردنەکانی داهاتوی پەرلەمانی عێراق و ئەنجومەنی پارێزگاکانی، بۆیە پێدەچێت سیاسییەکانی عێراق ئەوەندەی دەیانەوێت بەشێوەیەکی پراگماتیانە مامەڵە لەگەڵ ڕیفراندۆم بکەن، هێندە مەبەستیان نەبێت سەقفی کاردانەوەکانیان بە ئاستی بەکارهێنانی توندوتیژی بەرامبەر هەرێمی کوردستان بگەیەنن.

سەبارەت بە ناوچە جێناکۆکانیش، وەک چۆن دەکرێت عێراق لە داهاتودا ئامرازی نادەستوریبوونی ئەنجامدانی ڕیفراندۆمی لەم ناوچەنەدا بکاتە تەوەرێکی سەرەکی بۆ سەندنەوەی ئەم ناوچانە لە هەرێمی کوردستان، ئاواش دەکرێت هەرێم ئامرازی لادان وپەکخستنی دەستور (جێبەجێنەکردنی مادەی ١٤٠) بکاتە ئامرازی سەرەکی ڕەوایەتیدان بە ئەنجامدانی ڕیفراندۆم لەم ناوچانە، ئەمە جگە لە بەکارهێنانی ڕیفراندۆم وەک ڕووپۆشی شەرعیەتی لکاندنەوەی یەکجارەکی زۆربەی ئەو ناوچانە بە هەرێمی کوردستانەوە. بۆیە لەمەودوا ئەنجامدانی ڕیفراندم لە ناوچە جیناکۆکەکاندا تەنها تەوەری ململانێ سیاسی و داوەری و دەستورییەکانی نێوان هەرێم و بەغداد نابێت، بەڵکو ئەگەر هاتوو ئامرازە نەرم و ناسەربازییەکان شکستیان هێنا لە بە هێوری مانەوەی ئەو ململانێیانە، ئەوا لەسایەی ئەنجامەکانی ڕیفراندۆمدا ناوچە جێناکۆکەکان دەبنە گۆڕەپانی سەرەکی بۆ هەرپێکدادانێکی توندوتیژی چەکداری، جا لە نێوان هەرێم و بەغداد بێت یان لەنێوان هەرێم و هەرهێزێکی چەکداری نانیزامی بێت، وەک (حەشدی شەعبی)، یان هێزی یەکێک لەو پێکهاتە ناکوردییانەی لە کەرکوک و ناوچە جێناکۆکان نیشتەجێن (تورکمان و عەرەب)، بەتایبەت وەک پێشتر ئاماژەی بۆکرا هەندێک لەو پێکهاتانە لەهەمبەر بە نەرمی بینینی کاردانەوەکانی بەغدا، بە دوری نازانن کە خۆیان هێزی چەکداری نافەرمی خۆیان بۆ بەرگریکردن لەدژی بەزۆر لکاندنی ئەم ناوچانە بە هەرێمەوە بخەنەکار.

## سێیەم: دۆخی ئەمنی کەرکوك دوای ریفراندۆم

دوای ڕیفراندۆمەکەی هەرێمی کوردستان لە بەرواری ٢٠١٧/٩/٢٥ لە کوردستان و ناوچە جێناکۆکەکان ئەنجامدرا، وایکرد بەغداد کۆمەڵێک پەرچەکردار و بڕیار لەلایەن دەسەڵاتی یاسادانان و جێبەجێکردنەوە (ئەنجومەنی نوێنەران و ئەنجومەنی وەزیرانی عێراق) بەرامبەر بە هەرێم و ناوچە جێناکۆکەکان دەربکات. ئەوەی کە لێرەدا مەبەستە باسی بکەین دۆخی ئەمنی ناوچە جێناکۆکەکانە دوای ئەم بڕیارانە. دیارە یەکێک لە بڕیارەکان بڵاوکردنەوەی سوپای عێراقە لەو ناوچانە و گەڕانەوەیەتی بۆ باری پێش ٢٠٠٣/٤/٩. بۆیە لێرەدا گرنگە بەدوای وەڵامی دوو پرسیاردا بگەڕێین: ئایا ئەم بڕیارەی بەغداد چەندێک ئەو ناوچانە ڕووبەڕوی پێکدادانی سەربازیی دەکاتەوە؟ مەترسیەکان چۆن ڕێگەیان لێدەگیرێت؟

هەنگاوی کرداری بۆ ئایندە لە لایەن هەرێمی کوردستانەوە گرتنەبەری ئەم ڕێکارانەیە:

1. ژورێکی پرۆسەی سەربازی دروست بکرێت کە پشت ئەستور بێت بە زانیاری هەواڵگری دروست و دیراسەکراو، هەروەها دیاریکردنی کەرتی بەرپرسیارێتی دیاریکراوی ئەمنی .
2. حکومەتی عێراق و تورکیا هەردوکیان بیانویان بۆ دەستێوەردانی سەربازی تورکمانەکانی کەرکوکە، بۆیە

ئەم پێکهاتەیە نزیکترین ڕێگەیە وەکو پێکهاتەیی قوربانی بەکاربهێنرێت بۆ دروستکردنی پشێوی ئەمنی.

3. ناوچەیەکی فراوانی بەرپرسیارێتی ئەمنی هێزەکانی پێشمەرگە ڕوبەڕوە لەگەڵ داعش و هێزی تر ناتوانێت جوڵەی سەربازی تێدا بکات ، ئەبێت هاوپەیمانەکان لە هەر جوڵەیەکی هەستپێکراو ، ئیتفاقێکی ئەمنی ژێربەژێر ئاگاداربکرێنەوە، چونکە ئەمە حکومەتی عێراق و سوپاکەی دەخاتە بەردەم بەرپرسیارێتیەکی گەورە لەشەڕی دژ بە داعش.

4. هێزەکانی حەشدی شەعبی کە فەرمان لە مەراجعی سیاسی جیا جیا وەردەگرن، نابێت وەکو یەک هێزی تۆکمەی خاوەن یەک فەرمانی سەربازی مامەڵەیان لەگەڵدا بکرێت.

5. ئەگەری کودەتای سەربازی لە عێراق ئەبێت حیساباتی بۆ بکرێت، چونکە هەمو چاوەکان لەسەر ئەوەن ئەم کێشەیە لەرێگەی چارەسەری سەربازییەوە یەکلایی بکرێتەوە، هەرچەندە ڕای فەرمی عێراقی و هەرێمی کوردستان ئەوەیە کە نابێت بیر لەم بژاردەیە بکرێتەوە.

6. خاڵی سەنتەری و زاڵبون لە ڕوی سەربازیی و ئەمنیەوە نابێت وەکو یەک مامەڵەیان لەگەڵدا بکرێت، بۆیە ئەولەویاتی سەربازی بۆ خاڵە سەربازییە سەنتەریەکانە. خەیاڵدانی عێراق بۆ مامەڵەکردن لەگەڵ جوگرافیای سەربازی پێش ٢٠٠٣/٤/٩ ڕوکەشیە و لە واقیعدا ناتوانرێت جێبەجێبکرێت.

## چوارەم: ڕیفراندۆم و هەڵوێستی تورکیا

تورکیا زۆرترین کاریگەریی هەیە بەسەر دۆزی سەربەخۆیی هەرێمی کوردستان بەو پێیەی کە دەسەڵاتی هەیە بەسەر سەرچاوەی سەرەکی داهاتی حکومەتی هەرێمەوە کە بۆری نەوتی جیهانە کە نەوتی کوردستان بە خاکی تورکیادا دەگوازێتەوە بۆ بازاری جیهانی. هەروەها ئاڵوگۆڕی بازرگانی لەگەڵ تورکیا پایەیەکی گرنگی ئابوری هەرێم و سەرچاوەی شمەک و پێداویستی سەرەکی و ڕۆژانەیە بۆ هاوڵاتیانی کوردستان. بۆیە سەیر نییە کە لە یەکەم کاردانەوەی توندیدا بۆ ریفراندۆمی سەربەخۆیی هەرێمی کوردستان، رەجەب تەیب ئەردۆگانی سەرۆکی تورکیا هەڕەشەی بە ڕاگرتنی گواستنەوەی نەوتی هەرێم و داخستنی خاڵی سنوری (خاپور) ی نێوان هەرێم و تورکیای کرد.

بەڵام بۆ ئەم هەڵوێستە توندە لە لایەن ئەنکەرەوە لە کاتێکدا تورکیا لە ١٠ ساڵی ڕابوردودا بەشێوەیەکی بەرچاو پەرەی بە پەیوەندیە ئابوری و دیبلۆماسی و سەربازیەکانی داوە لەگەڵ هەرێمی کوردستان بە شێوەیەک کە چاوەڕوانی ئەوە نەدەکرا کە دەسەڵاتدارانی ئەنکەرە ڕوبەڕووی هەنگاوانی هەرێم ببنەوە بەرەو بەدەستهێنانی سەربەخۆیی؟ هۆکاری سەرەکی ڕەتکردنەوەی ریفراندۆمی سەربەخۆیی و بەڵێندان بەسەپاندنی سزای ئابووری و سیاسی و هەروەها ئەنجامدانی مانۆری سەربازی لەسەر سنورەکانی هەرێم و تورکیا پەیوەندی بە دۆزی کوردەوەیە لە ناوخۆی تورکیا. تا ئێستا ئەنکەرە توانای چارەسەرکردنی ئەو دۆزی کوردی نەبووە لە تورکیادا. دەسەڵاتدارانی تورک پێیانوایە هەنگاوانی سەربەخۆیی هەرێم دەبێتە فاکتەرێک بۆ توندترکردنی هەڕەشە و ئالینگاری سیاسی و سەربازی کوردی ناوخۆیی لەسەر ئاسایشی نەتەوەیی تورکیا. هەروەها تورکەکان پێیانوایە سەربەخۆبونی هەرێم هیوایەکی گەورەتر ئەبەخشێت بە کوردی ڕۆژئاوا و زیاتر پاڵیان پێوە دەنێت بۆ دروستکردنی کیانێکی کوردی لەسەر سنورەکانی تورکیا. بەشدارپێکردنی ناوچە جێناکۆکەکان (بە تایبەتی شاری کەرکوک) مەترسیەکانی سەر ئاسایشی نەتەوەیی تورکی زیاتر دەکات لە ڕوانگەی دەسەڵاتدارانی ئەنکەرەوە.

بەڵام ئایا هەڕەشەکانی تورکیا تا چ ڕادەیەک جدین؟ تا وەکو ئێستا تورکیا هەنگاوی زۆر جدی نەناوە کە ببنە هەڕەشەی گەورە لەسەر ئاسایش و مانەوەی هەرێم. دەربرینی تورەیی و هەڕەشەکردن لە هەرێم و دەسەڵاتدارەکانی

به بێ هەنگاوی عەمەلی (ڕاگرتنی نەوت و داخستنی سنور) ئاماژەن بۆ ئەوەی کە ئەردۆگان بە ئامانجە بۆ

1. ڕازیکردنی کۆمەڵگای تورکی- بە تایبەتی هێز و لایەنە نەتەوە پەرستەکان- زامنکردنی بەدەستهێنان و بەردەوامی پشتگیریان بکات
2. لەدەستنەدانی پەیوەندی لەگەڵ دەسەڵاتدارانی عەرەب لە بەغدا.

چاوەڕوانی چی دەکرێت لە تورکیا؟ زەحمەتە تورکیا قازانجی گەورەی ئابوری و هاریکاری ئەمنی و سەربازی لەگەڵ هەرێم بکاتە قوربانی ڕازیکردنی بەغداد. وەک وەزیری ئابووری تورکیا ئاماژەی پێکردووە، تورکیا زیانێکی گەورەی دارایی لێدەکەوێت گەر دەستبەرداری هەرێم ببێت. هەنگاوی سەربازی دژی هەرێم لە لایەن تورکیا ئەگەرێکی دوورە گەر مەحاڵ نەبێت. ئەم هەنگاوە ئاسایشی ناوخۆیی و دەرەکی تورکیا دەخاتە مەترسیەوە و دەکرێت ببێتە هۆکاری یەکخستنی سەرتاسەری هێزە کوردیەکان لە دژی دەسەڵاتی ئەنکەرە. تورکیا چاودێری بەرەوپێشچوونەکان دەکات لە پەیوەندی نێوان هەولێر و بەغدا و لەسەر بنەمای ئەو بەرەوپێشچوونانە هەڵوێستی خۆی بەرامبەر بە هەرێم دیاریدەکات. بەڵام بۆ چەند هەفتەی داهاتوو تورکیا بەردەوام دەبێت لە بەکارهێنانی زمانی هەڕەشە بەرامبەر بە هەرێم و توندکردنی ڕێوشوێنە ئەمنیەکان لەسەر سنورەکانی لەگەڵ هەرێمی کوردستان.

داخستنی سنور لەسەر هەرێمی کوردستان دەبێتە هۆکاری بەهێزکردنی پارتی کرێکارانی کوردستان (پەکەکە) لەم هەرێمە و زیادکردنی ژمارەی هاووڵاتیە کوردەکان لە عێراق و تورکیا کە پەیوەندی بە پەکەکەوە دەکەن. بەشێکی زۆری هاووڵاتیانی کورد لە تورکیا بژێویان لەسەر ئاڵوگۆڕی بازرگانی نێوان تورکیا و هەرێمە. لە کاتی داخستنی سنورەکان بەسەر هەرێمدا، بێکاری دەکرێت ببێتە هۆی ئەوەی کە ژمارەیەکی زۆر لە کوردەکانی باکور پەیوەندی بە پەکەکەوە بکەن و بە شێوەیەش هەڕەشەی ئەمنی بۆ سەر ئاسایشی نەتەوەیی تورکیا زیاتر ببێت. لە لایەکی ترەوە، داخستنی سنور و لێکەوتە ئابوورییەکانی بۆ سەر باکوری کوردستان و هەروەها دژایەتی کردنی هەرێمی کوردستان لە لایەن دەسڵاتدارانی ئەنکەرەوە پێدەچێت ببێتە هۆکاری لە دەستدانی پاڵپشتی بەشێکی بەرچاوی هاووڵاتیانی کورد لە تورکیا لە لایەن پارتی دەسەڵاتداری داد و گەشەپێدانەوە (ئاکەپە). لە ڕووی سیاسیەوە، بەشێکی بەرچاوی دانیشتوانی باکوری کوردستان دەنگیان داوە بە ئاکەپە لە میانەی هەڵبژاردنەکانی تورکیادا ، بەڵام دژایەتی کردنی ئەنکەرە بۆ هەرێمی کوردستان و سەپاندنی ئابڵۆقەی ئابوری بەسەریدا دەکرێت ببێتە هۆکاری لەدەسدانی ئاکەپە بۆ ئەم پاڵپشتیە سیاسیە لە باکوری کوردستان.

جێبەجێکردنی هەڵوێستی کرادریی توند بەرامبەر بە حکومەتی هەرێم دەکرێت کۆتایی بە نفوز و کاریگەری تورکیا بهێنێت لەم هەرێمە لە داهاتوودا. لە ئێستادا ووڵاتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا ڕایگەیاندووە کە داننانێت بە ریفراندۆمی سەربەخۆیی هەرێمدا بەڵام لە هەمان کاتدا پارێزگاری لە پەیوەندییەکانی دەکات لەگەڵیدا، بە پێچەوانەی تورکیاوە کە هێرشی میدیایی دەکاتە سەر بەرپرسانی هەرێم و هەڕەشەی برسیکردنی دانیشتوانی هەرێم دەکات. بە هەمان شێوەی ووڵاتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا، ڕووسیا هەڵوێستی خۆی بەرامبەر بە ریفراندۆمی سەربەخۆیی هەرێم بە نادیاری هێشتۆتەوە. مۆسکۆ جەخت لەسەر پاراستنی یەکێتی خاکی عێراق دەکاتەوە بەڵام لە هەمان کاتدا باس لە ڕێزگرتن لە ئامانجی نەتەوەیی کوردەکان دەکات لە عێراق. هەردوو زلهێزی جیهانی (ئەمریکا و ڕووسیا) دەزانن کە هەڵوێستی توند و ڕاستەوخۆ بەرژەوەندیە جیۆسیاسی و ئابوریەکانیان لە هەرێم و عێراق لە داهاتوودا دەخاتە ژێر مەترسیەوە. پێدەچێت دەسەڵاتدارانی تورک (هاوشێوەی ئەمریکی و ڕووسەکان) لە بیرکردنەوە و لێکدانەوەی ئەوەدا بن کە پچراندنی تەواوی پەیوەندییە ئابوری و سیاسیەکانیان لە گەڵ حکومەتی هەرێم چی دەگەیێنێت بۆ نفوز و دەسەڵاتیان لە هەرێمی کوردستان و چ دەوڵەت و لایەنێکی تر دەسەڵاتی خۆی زیاد دەکات لە هەرێم لەسەر حسابی دەسەڵات و نفوزی تورکیا لە داهاتوودا. بە واتایەکی تر، بڕیارەکانی تورکیا بەرامبەر بە هەرێم لە داهاتوودا پێدەچێت جیاواز بن لەو هەڵوێستە

توندەی کە دەسەڵاتدارانی ئەنکەرە ڕایانگەیاندوە لە دوای ڕیفراندۆمەوە بەرامبەر بە هەرێمی کوردستان.

## پێنجەم: ڕیفراندۆم و هەڵوێستی ئێران

یەکێک لە دۆسێ هەرە گەرمەکانی ناو سیاسەت و میدیا و رای گشتی ئێرانی ئێستا، دۆسێی ڕیفراندۆمی سەربەخۆیی کوردستانە. بەجۆرێک نە تەنها میدیا و لایەن و وەزارەتە پەیوەندیدارەکان، بەڵکو لە ناوچە کوردییەکانی ئێرانەوە بە پیرۆزبایی و ئاهەنگگێران بۆ ئەنجامدانی ڕیفراندۆمەوە تا زۆرێک لە بەرپرسانی ئێستا و خانەنشیناکانیشیان، ئاکادیمیستەکان، پەرلەمانتارەکانیان تا دەگاتە تایبەتکردنی کۆبوونەوەیەکی داخراوی پەرلەمانی ئێران بۆ هەمان مەبەست کاردانەوە بەرامبەر ئەم پرسە بینرا.

ئێران و کوردستانی عێراق خاوەنی پەیوەندییەکی کاریگەری ناوچەکەن، هەم کاریگەر و کارتێکەرن لەسەریەک. سیاسەتی سنوریی ئێران هێندەی وەک کارتێک و قوڵاییەکی ستراتیژی لە کورد و جوگرافیای کوردستانی ڕوانیوە، کەمتر وەک نەیارێک لە واقیعدا مامەڵەی لەگەڵدا کردووە. لە ساڵانی بیستەکانی سەدەی رابردووە تا نوکە، واقیعی پەیوەندییە سیاسیەکان و کاردانەوەکانیان بڕوانرێت (جیا لە لێدوانە دبلۆماسییەکان) مامەڵەیەکی واقیعی و پراگماتیکانەی لەگەڵ کوردەکان پێباشتر بووە تا ڕوبەڕوبوونەوە و هێرش. ئەمە بۆ هەر حکومەتێکیان ڕەنگە سەداسەد نەبێت بەڵام تێکرای پەیوەندییەکان ئەمەی تێدا دەخوێنرێتەوە. بەڵام هەماهەنگییەکانی ئێران لەگەڵ وڵاتانی دراوسێ کە لە پێش و پاشی ڕیفراندۆمەوە دەستییپێکردووە، جەخت لە سەروەری خاکی عێراق و یەکپارچەیی نەتەوەیی عێراق و ئاسایشی ناوچەکە دەکات. بۆیە لێدوانەکانی ڕەتکردنەوەی ڕیفراندۆم بەردەوامە و دوا پەیامی وەزیری دەرەوەی ئێران لە ٢٠١٧/٩/٢٧ دا (دوو ڕۆژ پاش ئەنجامدانی ڕیفراندۆم) پێیوایە کە ڕیفراندۆمی سەربەخۆیی کوردستان 'بۆ ئارامی ناوچەکە مەترسیدارە.

هەنوکە سەرەڕای لێدوان و تەنانەت ئاگادارکردنەوە و جوڵەی کردەیی بەرپرسانی حکومەت و دەوڵەتی ئێرانی، ڕیفراندۆم ئەنجامدرا. بەپێی لێدوانە فەرمییەکانی ئێران، وا چاوەڕواندەکرا ڕۆژی ٩/٢٥ پایزی پەیوەندییە سیاسی و ئابوری و ئەمنییەکانی هەرێم و تاران بێت، بەڵام بە پێچەوانەوە مامەڵەی تاران لە ڕوی کردەییەوە نەک نەپچراوە بگرە لە تورکیا و عێراق نەرمتر خۆی نواندوە. لە دوای ئەنجامدانی ڕاپرسییەوە ئێران نەرمتر لە تورکیا و عێراق لەگەڵ پرسەکەدا جوڵایەوە، بەڵام لە تەنیشت ئەم نەرمییەوە کۆبونەوە و ڕێکاری هێمنانە و هەماهەنگییەکانی فرەلایەنەی سیاسی و سەربازی ناوخۆیی و هەرێمایەتی لەسەر پرسەکە بەردەوامە.

### پەرلەمانی ئێران

جیالەوەی کە بەشێک لە پەرلەمانتارانی ئێران ئیدانەی ڕیفراندۆمیان کرد و بە مەترسی دەزانن و پێیانوایە ئەگەری دابەشبوونی عێراقی دوچاربوو بە جەنگ بەهێزدەکات، پەرلەمانی ئێران لە ٢٠١٧/٩/٢٧ کۆبوونەوەیەکی تایبەتی نهێنی سەبارەت ڕیفراندۆمی کوردستان ئەنجامدا بۆ زانینی کاردانەوەکان و پێشهاتەکانی ناوچەکە. سەرۆکی پەرلەمانی ئێرانیش ڕاشکاوانە دژایەتی خۆی بۆ لەتکردنی عێراق دەربریوە و گومانی بۆ بوونی دەستی دەرەکی لە پرسی ڕیفراندۆم چووە.

بەڵام لەبەرامبەردا یاریدەدەری سەرۆکی پەرلەمانی ئێران باوەڕی وایە پێویست ناکات ئێرانییەکان هێندە هەستیاربن بەرامبەر ڕیفراندۆمی سەربەخۆیی، 'بەڵکو پێویستە خەڵکی کوردستانی عێراق تێبگەیەنین کە سەربەخۆیی لە بەرژەوەندییاندا نییە'. دەکرێت ئەم بۆچوونە بە بۆچونی بانژۆخوازە میانڕەوەکان لەقەڵەمبدرێت، هاوکات دەکرێت نوێنەرایەتی ئەو بۆچونەش بکات کە باوەڕی وایە ئێران لەگەڵ سەربەخۆیی کوردستاندا نییە، بەڵام کە بوویە واقیع

باشتر بۆ ئێران ئەوەیە کە مامەڵەی لەگەڵدا بکات.

## ئەکادیمیستە سیاسیەکان، دیدێکی جیاواز

بەشێکی دیاری ناوەندەکانی توێژینەوەی سیاسی ئێران کە لەگەڵ حکومەتی ئێستای ئێراندا جۆرێک لەهەماهەنگییان هەیە و بە پشتیوان و تیۆرسێنی حکومەت لەقەڵەمدەدرێن، بۆچونێکی نەرم واقیعیتر دەخەنەڕو، (سادقی زیباکەلام) تیۆرسێنی سیاسی ریفۆرمیست و میانرەوەکان و مامۆستای زانکۆ و نزیک لە رۆحانی، باوەری وایە کە 'راپرسی مافی کوردەکانە'، (جەلالی جەلالیزادە) کە کوردە و پەرلەمانتاری پێشووی ریفۆرمخوازانی و سەرۆکی کەمپەینی رۆحانی سەرۆک کۆماری ئێستای ئێران بوو لە هەڵبژاردنەکانی سەرۆکایەتی ئێران، پێیوایە کە 'ئەگەر ئیمام حوسێن زیندووبوایە بەرگری لە ریفراندۆمی کوردەکان دەکرد'.

(ئەحمەدی نەقیبزادە) تیۆرسێنێکی دیاری ناو میانڕەوەکانی دنیای سیاسەتی ئێرانە و مامۆستای زانکۆی تاران و ئەندامی سەنتەری توێژینەوەی ستراتیژی ئێرانە، بە پێچەوانەی ئوسڵگەراکان باوەڕی وایە گەر کوردستان سەربەخۆبێت، نەک نابێتە ئیسرائیلی دووەم، بگرە ئێرانی دووەمە. پێیوایە نابێت ئیران ئەو هەڵەیە بکات و دژایەتی سەربەخۆیی کوردستان بکات، پێشیوایە کە سەربەخۆیی کوردەکان لە عێراق نەک نابێتە هۆی وروژاندنی کوردانی ئێران بەڵکو پاریزەری یەکپارچەیی ئێرانیش دەبێت. جەخت لەوەدەکاتەوە ئەگەر هەموو دنیا پشتبکاتە کورد نابێت ئێران ئەمکارە بکات.

## ترس لە ئیسرائیلی دووەم

هەندێک لە بەرپرسانی ئێرانی وەک جۆرێک لە تەڵەی سیاسی ئیسرائیل ریفراندۆمی کوردستان وەرئەگرن، تەنانەت ئەم ترسە لای پەرلەمانی ئێران شاراوە نییە، لە بەیاننامەکەی ۹/۲۷ی پەرلەمانتارانی ئێراندا هاتووە 'بە درێژایی ساڵانێکی زۆرە کە وڵاتی عێراق بووەتە ئامانجی پیلانگێریەکانی ئەمریکا-سەهیۆنی، بەڵام نەتەوەی عێراق بە عەرەب، کورد، سوننی و شیعەوە بە جیگیریی خۆیان نەخشەکانی ئیستیکباریيان لەناوبردوە' لە بەیانەکەدا هاتووە کە 'ریفراندۆمی هەرێمی کوردستانی عێراق بەشێوەی نایاسایی دەتوانێت پێکەوەیی و سەروەری خاکی عێراق دەروشێنێت و عێراق دەخاتە ناوگێژاوی نوێوە.... ئێمە داواکارین لەسەر داواکاری حکومەتی عێراق، حکومەتی ئێران ئاسانکاری پێویست بۆ هاوکاری حکومەتی عێراق بکات و بە هیچ جۆرێک رێگە بە کێشەسازی سەهیۆنییەکان نەدەن'. ئەگەرچی ئەم بەیانە زمانێکی توندی هەیە، بەڵام ئەوەش ئاشکراکراوە کە حکومەتی عێراق داواکارە لە ئێران کە بەرامبەر ریفراندۆم توند مامەڵە بکات و هەڵوێستێکی یەکلاکەرەوەی ئێرانی روون نەخراوەتەڕوو.

حسین ئەمیر عەبدولاهیان بەرێوەبەری گشتی کاروباری نێودەوڵەتی پەرلەمانی ئێرانیش لەوبارەوە دەڵیت: 'شەکانەوەی ئاڵای ئیسرائیل لە ناو هەوادارانی راپرسی سەربەخۆیی هەرێمی کوردستان لە هەولێر ئەو پرسیارە دێنێتەئارا کە ئایا رژێمی زایۆنی گەورەترین بەرگریکاری وڵاتێکی کوردی نییە؟' ئەو نوسیویەتی کە 'بیستراوە مەسعود بارزانی داوای لە تەلئەبیب کردوە کە بەرگری ئاشکرا لە ئەنجامدانی راپرسی راگرێت'.

## پەیوەندیەکی بەهێزی ئابوری و سنورێکی سەخت

هاوکات ئابورییەکی بەهێزی نێوان هەردوولا فاکتەرێکی تری پەیوەندیەکانە، بازرگان و سیاسەتی ئابوری ئێران جۆرێک لە بوژانەوەی بەهۆی دەروازەکانی هەرێمەوە بەخۆوە بینیوە، کەیوان کاشیفی سەرۆکی ژوری بازرگانی کرماشان

دەڵێت: ٥٠-٦٠%ی تەواوی کاڵاکانی ئێران زۆرتر لە هەرسێ مەرزی کوردستانی پیرانشەهر، مەریوان و پەرویزخانەوە دەنێردرانە عێراق، ئەگەرچی لەم دوو ساڵەی دواییدا بەهۆی گومرگەکانی حکومەتی ناوەندی عێراق لەسەر شمەکی ئیرانی، کە لە رێی هەرێمەوە دەنێردرانە عێراق، ئەم رێژەیە کەمیکرد بۆ ٢٥-٣٠% . کاشیفی دەڵێت پەیوەندی دێرینی بازرگانی ئێران و هەرێمی کوردستان وایکردووە کە بازاڕێکی باش بێت بۆ ئێران.

جیا لە ئابوری سنورێکی سەختی فراوانیش کە بێ هەماهەنگی کۆنترۆڵکردنی مەحاڵە و ئەزمونی سەدساڵی رابردوو سەلماندویەتی بێ هەماهەنگی دوولایەنە سەختە ئارامی ببینێت. ئایا ئەمانە فاکتەری بنچینەیین تا ئێران لە نیوان ئامانجگەرایی و ئایدۆلۆژیایی و ئاینی لە لایەک کە عێراقێکی یەکگرتوو بۆی دەستەبەر دەکات و واقیعگەرایی و بەرژەوەندیگەرایی لەلایەکیتر کە کوردستان باشتر دەیپارێزێت کامیان هەڵدەبژێرێت؟ ئەڵبەت وەڵامی ئەم پرسیارە بۆ مەتبەخی بریاری ئێرانی کە ئایا هەڵۆ ئامانجگەرا ئایدۆلۆجیستەکانی شۆڕش و دەوڵەت بڕیاردەدەن یان پراگماتیکە واقیعیەکانی ناو حکومەت و ناوەندە ئەکادیمییەکانی سیاسەت؟

بە کردەیی وا دەردەکەویت ئێران چاوەڕێی رونبوونەوەی مەودای جدییەتی تورکیا و ئەمریکا و رۆژئاوابێت، چونکە بە هەڵوێستی حوکمەتەکەی کە زیاتر ئاراستەیەکی ئابوری و دبلۆماسی هەیە تا ئامانجگەرایی، دوای پێشنیاری ئاکادیمیستە میانڕەوەکانی کەوتبێت و تا ئێستاش بە کردەیی هیچ کاردانەوەیەکی نەرێنی لەسەر هەرێم جێنەهێشتووە.

## ئەنجام و پێشهاتەکان

لە کۆتاییی ئەم پەیپەرەدا دەتوانین چەند ئەنجام وپێشهاتێک بۆ تێگەیشتن لە کاردانەوەکانی دوای ڕیفراندۆم لەسەر ناوچە جێناکۆکەکان گەڵاڵە بکەین، بەم شێوەیە:

1. سەبارەت بە عێراق: هەرچەندە کاردانەوەکانی بەغداد بەرامبەر ئەنجامدانی ڕیفراندۆم لەسەر ئاستی زارەکی توندە بەڵام بەکرداریی تا ئێستا هیچ هەنگاوێکی توندوتیژ ئامێزی نەنواندووە، بەڵام ئەگەر ئاستەکە بۆ روبەڕوبونەوەی سەربازی هەنگاوبنێت، ئەوا ناوچە جێناکۆکەکان گۆڕەپانی سەرەکی ئەو بەریەککەوتنە دەبن.
2. سەبارەت بە پێکهاتە ناکوردەکان لە ناوچە جێناکۆکەکاندا (تورکمان وعەرەب): ڕەنگە مانەوەی دۆخی یاسایی ودەستوری ئەو ناوچانە وەک خۆی یان لکاندنەوەی بە بەغدادەوە بۆ هەندێک لەو پێکهاتانە باشتر بووبێت، بەڵام ئەگەر مانەوەی ئەم ناوچانە لەژێر کۆنترۆڵی کوردا ناچاری بێت بەحوکمی واقیع وئەنجامەکانی ڕیفراندۆم، ئەوا ئەو پێکهاتانە نایانەوێت بەبێ هیچ دەستکەوتێک تەسلیمی ئەم ناچارییەبن، بۆیە دوورنییە لە ئاسۆی بەنەرمی مانەوەی کاردانەواکانی بەغدادا ئەم پێکهاتانە خۆیان پەنا بۆ توندوتیژی ببەن.
3. سەبارەت بە تورکیا: هەڵوێستی توندی ئێستای تورکیا بەرامبەر بە ئەنجامدانی ڕێفراندم تەنها پەیوەست نیە بە مەترسیەکانی ئەم ریفراندۆمە بۆ ئاسایشی ناوخۆیی تورکیا یان کاریگەری لەسەر چارەنوسی ئەو ناوچە عێراقیە جێناکۆکانە کە جێی بایەخی تورکیان (بۆ نمونە کەرکوک)، بەڵکو بەشێک لەو کاردانەوانە هەم بۆ دڵنەوایکردنی نەتەوەپەرستە تورکەکانی ناو تورکیان، هەم بۆ ڕازیکردنی دەوڵەتانی عەرەبیشن. بۆیە زۆر زەحمەتە تورکیا ئەو بەرژەوەندیانەی کە چەندین ساڵە لەگەڵ هەرێم بونیادیناون بکاتە قوربانی ڕەزامەندیی دەوڵەتی عێراق.
4. سەبارەت بە ئێران: بەپێودانگی پێداگری بەردەوامی ئێران لەسەر پاراستنی یەکپارچەیی عێراق و یادەورییە مێژووییەکانی لەگەڵ مەترسی سەردەمی شانشینەکەی شێخ مەحمود وکۆماری مهاباد، چاوەڕوان دەکرا ئێران ڕاستەخۆ دوای ڕیفراندم کاردانەوەی زۆر توند بنوینێت، بەڵام لەچاو هەڵوێستەکانی پێش ڕیفراندۆم

کاردانەوەکانی ئێران دوای ڕیفراندۆم نەرمترە. بۆ تێگەیشتن لەمەش سێ ڕەهەند هەیە، یەکەم: ئەوەیە کە لەماوەی چەند ساڵی ڕابردوودا زۆربەی حکومەتەکانی ئێران مامەڵەیەکی واقیعی و پراگماتیکیانەیان لەگەڵ کوردەکان پێباشتر بووە تا ڕووبەڕووبوونەوە و هێرش. دووەم: بوونی دوو ڕاییەکی قوڵە لە ئێستادا سەبارەت بە ڕیفراندۆم لە نێوان (بەرەی ئایدۆلۆجیستەکانی شۆڕش و دەوڵەت) کە ڕیفراندۆم بە پلانی ئەمریکی و ئیسرائیل وێنادەکەن (بەرەی پراگماتیکە واقیعییەکانی ناو حکومەت و ناوەندە ئەکادیمییەکان) کە ڕیفراندۆم بە مافی کورد دەزانن وسەربەخۆیی کورد بۆ پاراستنی یەکپارچەیی ئێران وێنادەکەن. سێیەم: ڕۆڵی ڕابردووی هەرێمی کوردستان لە بوژاندنەوەی ئابوری ئێران وهاوکاریکردنی لە پاراستنی ئارامی وکۆنترۆڵکردنی سنورێکی فراوان و سەخت بۆ ئێران.

5. سەبارەت بە هەرێمی کوردستان: لەپاڵ ئەوەی کە نابێت هەرێم لە نەرمی کاردانەوکانی عێراق و تورکیا و ئێران دوای ڕیفراندۆم بێخەمبێت و چاوەڕوانی توندوتیژبونی هەڵویستی هەریەکێکیان بکات، ناشبێت دەرفەت بۆ ڕوبەڕوبونەوەی توندوتیژی لەگەڵ هیچ لایەنێکی ناوخۆیی و دەرەکی برەخسێنیت. بۆیە پێویستە هەرێم پەلە بکات لە دروستکردنی ژورێکی پرۆسەی سەربازی پشت ئەستور بە زانیاری هەواڵگری، سودی تەواو لە باڵادەستی ئێستای لە ناوچە جێناکۆکەکان وەربگرێت و هاوسنوریشی لەگەڵ داعش بۆ زامنکردنی پشتیوانی هاوپەیمانان بەکاربهێنێت.

CFS

Center for Future Studies

سەنتەری لێکۆڵینەوەی ئایندەیی

مركز الدراسات المستقبلية

Center for Future Studies


https://www.centerfs.org

Address: *Iraq, Kurdistan Region, As-Sulaimaniyah (Slemani), Pak City, A1, 6, 26*

Tel: (+964) 0773 836 3758

Email: jalal.mistaffa@centerfs.org